## لیدوانێك بۆ رای گشتی:

# دەربارەی كێشمەكێشی نێوان حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی و یەكێتی نیشتمانی كوردستان

ساڵی 2000 لە ئەنجامی هاتنەكایەوەی كۆمەلیك ئیختلافات و كێشەی سیاسی لە نێوان حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی و یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا، دوای چەند مانگ بەهانەگرتن و بێنەو بەرەی سیاسی، سەرئەنجام رۆژی 14ی تەموزی 2000، پاش بەرێوەچونی گفتوگۆ لە نیوان وەفدی رابەری هەردوولاداو رێككەوتن لەسەر چارەسەری سیاسیانەی كیشەكان، یەكیتی نیشتمانی هێرشێكی چەكدارانەی كردە سەر حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری. بەم جۆرە یەكیتی نیشتمانی ئیختلافاتی سیاسی كێشایە مەیدانی شەرو بەرامبەركێی چەكدارانە لەگەل ئێمەدا.
لە ماوەی 5 ساڵ و چەند مانگی رابردوودا بە هۆی سوربونی یەكێتی لەسەر سیاسەتی شەرخوازانەو سەركوت و ڕاونان بەرامبەر حیزبی ئیمەو لە ژێرپێنانی ئازادی سیاسی، تا ئێستا بەرامبەركێ و بارگرژی هەر درێژەی كێشاوە لە نێوانماندا. ئەم فەزایەش كاریگەریەكی سەلبی هەبووە لەسەر فەزای سیاسی كۆمەلگا. یەكێتی نیشتمانی بە درێژایی ئەم ماوەیە نەك هەر نیەتێكی ئیجابی و مەیلێكی بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە نیشان نەداوەو بەو سیاسەتەی خۆیدا نەچۆتەوە، بەڵكو بە كردەوە دەریخستووە كە ئەم فەزاو بارگرژیە لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینێتەوەو وەكو بەهانەیەك بەكاری دەهێنی نەك هەر بۆ رێگری دروست كردن لەبەردەم كارو هەلسورانی ئیمە، بەلكو تەنانەت هەموو خەبات و نارەزایەتی و خۆپیشاندانیكی جەماوەریش بە بەهانەی ئەوەی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری لە پشتەوەی راوەستاوە، سەركوت دەكات. یەكیتی نیشتمانی بە كردەوە نیشانیداوە كە هەرچۆن رۆژی یەكەم قازانجی خۆی لە خولقاندنی ئەم شەرو كیشەیە بینیەوە، ئیستاش قازانجی خۆی لە دریژەدانی ئەم فەزایەدا دەبینیتەوەو دەیەوێ هەروا بەردەوام بیت.
ئیمە وەكو هەست بە لێپرسراویتی بۆ گونجاوكردنی فەزای سیاسی كۆمەلگای كوردستان بە قازانجی بواركرانەوە بۆ دەخالەت و هاتنەمەیدان و قەزاوەتی سیاسی هوشیارانەی خەلك، بە تایبەتی كە بزووتنەوەی جەماوەری لە پیناو ئازادی و پیداویستیەكانی ژیان رووی لە گەشەو هەلدانە، هەروەها لەو روانگەیەوە كە ئەم فەزای كیشمەكیش و بارگرژیە بە قازانجی خەلك نازانین، لەو رووەوە كە پێمان وایە قازانجی خەلك و ئازادی لە فەراهەم كردنی فەزایەكی سالمی سیاسی و ئارامدایە كە بوار بۆ بوژانەوەی ئیرادەو دەخالەتی هوشیارانەی جەماوەر بكاتەوە، بەم لیدوانە بە رەسمی بۆ رای گشتی رایدەگەیەنین كە ئیمە لای خۆمانەوە یەك لایەنە ئەم فەزای بارگرژی و بەرامبەركێیە تەواو دەكەین و كۆتایی پی دەهینین.
ئەودوای مەسەلەكە دەكەویتە سەر یەكیتی نیشتمانی كە چۆن لەگەل ئەم دەستپیشخەریەی ئیمەدا مامەلە دەكات. ئەگەر یەكیتی نیشتمانی ریز لە ئازادی سیاسی بگریت و ریگری لەبەردەم كارو هەلسورانی ئیمە هەلگری و ئەو مومتەلەكاتەی كە لەلایەن ئەوانەوە دەستی بەسەردا گیراوە بگیریتەوە، بوار دەكاتەوە بۆ بەسەمەر گەیشتنی ئەم دەستپیشخەریە. بەلام لە هەمانكاتیشدا دریژەپیدانی ئەم فەزایە بە تەواوی دەكەویتە ئەستۆی یەكیتی.
ئەم دەستپیشخەریەی ئێمە بۆ كۆتایهێنان بەم كێشەیە، لەكاتێكدایە كە یەكێتی لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوامەو هیچ دانوسان و تەوافقیك لە نیوان هەردوودا روونەداوە، هەست بە مسئولیەتیكی یەكلایەنەی ئێمەیە لە پێناو بەرژەوەندی لێكهەلپێكراوی خەڵك و ئازادی و كۆمەڵگاو ئامانجە ئینسانیەكانی خۆمان. لە بەرامبەریشدا ئەگەر یەكێتی نیشتمانی نەیەوێ ئەم دەستپێشخەریەی ئیمە لەباربەرێت، مسئولیەتی ئەوەی دەكەوێتە ئەستۆ كە پابەندی ئازادی سیاسی بێت، كۆتایی بە سیاسەتی شەرئەنگیزی و ڕێگری دروست كردن بۆ كارو هەلسوڕانمان بهێنێت و مامەلەیەكی دروست لەگەڵ ئەم سیاسەتەی ئێمەدا بكات.

*ڕێبوار ئەحمەد*

*لەلایەن حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراقەوە*

*20ی تشرینی دووەمی 2005*